چەند گرانکارییەکی نوێ لە ڤیزای عومرە لە سعودیەدا

وەزارەتی حەج و عومرەی سعودیە دەڵێت، ماوەی بەسەرچوونی ڤیزایان لە بەرواری دەرچوونیەوە لە سێ مانگەوە بۆ مانگێک کەمکردووەتەوە و ئێگەر عومرەکاران لە ماوەی ٣٠ رۆژدا نەچنە سعودیە، راستەوخۆ مەئمووریەتی ڤیزاکەیان هەڵدەوەشێتەوە.

ئەمە پێنجشەممە ٣٠ـی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٥، وەزارەتی حەج و عومرەی سعودیە، هەندێک گرانکاری تایبەت بە ڤیزای عومرەی ئەنجام دا و بڕیاری بەپێی بریارکان، ئێگەر عومرەکار لە ماوەی ٣٠ رۆژ لە بەرواری دەرچوونکەیەوە نەچێتە ناو خاکی سعودیە، ئەوا راستەوخۆ مەئمووریەتی ڤیزاکەی هەڵدەوەشێنرێتەوە.

هاوکات سعودیە بڕیاریداوە، لە هەفتەی داهاتووەوە ئەو بریارە جێبەجێ دەکرێت، کە تێیدا ماوەی بەسەرچوونی ڤیزاکە لە سێ مانگەوە بۆ یەک مانگ لە بەرواری دەرچوونییەوە کەم دەکرێتەوە.

هاوکات ماوەی ڕێگەپێدراوی مانەوەی عومرەکار لە دوای گەیشتن بۆ سعودیە هیچ گرانکارییەکی بەسەردا نەهاتووە و هەروەک خۆی سێ مانگە.

دەشێن، ئەم بڕیارە لە چوارچێوەی ئامادەکارییەکانی حەج و عومرەی سعودیەدایە بۆ زیادبوونی

چاوەڕوانکراوی ژمارەی عومرەکاران، بەتایبەتی دوای کۆتایی هاتنی وەرزی هاوین و دابەزینی پلەکانی گەرما لە مەککەی پیرۆز و مەدینە، ئەمەش بە دڵنیابوون لەوەی کە ژمارەیەکی زۆر لە عومرەکاران لە یەک کاتدا لە هەردوو شارە پیرۆزەکەدا قەرەباغی دروست نەکەن.